www.kurdistannet.org
20/07/2003 13:23

# هەڵبژاردنەکانی تورکیا : ئەگەر و پێشبینییەکان

د. جەبار قادر

هەڵبژاردنەکانی تورکیا ئەگەر هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی چاوەروان نەکراو نەیەتە ڕێگەیان ئەوا لە ڕۆژی 3 نۆڤەمبەری ئەم ساڵدا ئەنجام دەدرێن و حکومەتی داهاتووی تورکیا لە سەرەتای دیسەمبەردا دەست بەکار دەبێ. کۆمیتەی باڵای هەڵبژاردن ڕایگەیاندووە کە بیست و سێ پارتی سیاسی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن و دەبێ تا کاتژمێری 17 پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 11 سێپتەمبەر لیستی بەرئەندامەکانیان پێشکەشی ئەو کۆمیتەیە بکەن و ئەویش نێوی بەرئەندامانی هەموو پارتەکان لە 16 هەمان مانگدا ئاشکرا دەکا و پارتەکان بۆیان هەیە تاوەکو 26 ئەو مانگە پێداچوونەوە و ڕەخنە و گۆڕانکاری لە لیستی ناوەکاندا بکەن بۆ ئەوەی دوا شێوازیان لە 27 سێپتەمبەردا بلاۆو بکرێتەوە.

تاوەکو ئوکتۆبەریش ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردن هەر لە ئارادا دەبێ. هەرچەندە سەرەك كۆمار ئەحمەد نەجدەت سەزەر و گەلێ لە دەسەلاتدارانی ولات سوورن لە سەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان دەبێ لە کاتی خۆیاندا ئەنجام بدرێن، لە گەڵ ئەوەشدا لە ژیانی سیاسی ناسەقامگیری تورکیادا هەمیشە چاوەڕوانی سورپریز بکەین.

یەکێ لە ئەگەرە هەرە سەرەکییەکانی دواخستنی هەڵبژاردن تێکچونی حکومەتی ئەجویدە کە دەبێتە هۆی قەیرانێکی سیاسی درێژخایەن، بە تایبەتی لە لایەن ئەو سەرکردە وپارتانەوە کە ئەگەری پەراوێز بوونیان لەژیانی سیاسی ولاتدا بەهێزە و بەر لە هەموویان مەسعود یلماز کە نەیارانی لە نێو خودی پارتەکەیدا بەوە تاوانباری دەکەن کە بەرەو مردنی دەبا *. هەروەها تانسو چیلەر و ئیسماعیل جەم و ڕەجائی کوتانیش ئەوەندەی مەسعود یلماز بەرژەوەندیان لە دواخستنی هەڵبژاردندا هەیە.

هەروەها یاخیبوونی ئەو بەرئەندامانەی نێوی خۆیان لە لیستی بەرئەنداماندا نابینن و لە پارتەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە و هەندێ لەو پارتە سیاسیانەی کە نەیانتوانیوە هاوپەیمانی ببەستن و ئەگەری نەگەیشتنی نوێنەرانیان بە پەرلەمان بە هێزە بۆ هەلێکی لەو جۆرە دەگەرێن و پشتگیری خۆیان بۆ ئەو یاخیبوانە ڕادەگەینن و حکومەت ناچار دەکەن لە مانگی داهاتوودا دەمی هەڵبژاردنەکان دوا بخات و بەو شێوەیە دەتوانن قەیرانێکی سیاسی درێژ خایەن لە تورکیا بێننە کایەوە. لێرەشدا پارتی دایکی نیشتمان ( ANAPی) جێگری سەرەك وەزیرانی ئێستا مەسعود یلماز و پارتی تورکیای نوێ (YTP) ی وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا ئیسماعیل جەم لە سەرووی ئەو پارتانەوە دەێن. سەرباری ئەمانە دەست پێکردنی هێرشی پێشوەختی ئەمریکا بۆ سەر عیراق و ڕووداونی سکەندالی سیاسی و دەست پیسی دارایی و سەربازی ...تاد ئەو ئەگەرانەن کە دەبێ چاودێری ژیانی سیاسی لە تورکیادا هەمیشە لە بەر چاویان بگرێ.

با وا بۆی بچین کە هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیاندا ئەنجام دەدرێن و حکومەتی نوێیان لێ وەبەرهەم دێ.

ململانێی سیاسی و پروپاگەندەی هەڵبژاردن و پەیمان بەخشینەوە گەیشتونەتە لوتکە و تاوەکو دەمێکی نزیك وا چاوەڕوان دەکرا هەڵبژاردنەکان گۆرانکاری گەورە لە گەڵ خۆیاندا بێنن بە تایبەتی کاتێ ڕاپرسەکان ئەو ڕاستییەیان دەرخست کە هیچ کام لە پارتە سەرەکی و خاوەن دەسەلاتەکان، پارتی بزاڤی نەتەوەیی (MHP) ناسیۆنالیستی توندڕەویی دەوڵەت باخچەلی لێدەرچێ، باوەڕ ناکرێ 10 ٪ هەموو دەنگەکان بێنن، کە تەنها بە هێنانی ئەو ڕێژەیە لە دەنگی دەنگدەران دەتوانن نوێنەرانیان بنێرنە پەرلەمان.

ئەمەش ئەوە کە ئەو پارتانە و سەرتاپای سیستەمی سیاسی تێیدا جێگەی باوەڕ و متمانەی خەڵکی نین ئەو سیستەمە لە قەیرانێکی دژواردا دەژی.

لە گەڵ ئەوەشدا و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەوتی پێشکەوتنەکان مخابن ئەو ڕاستییە دەخەنە روو کە یاریکەران هەر هەمان ئەوانەی جاران دەبن و ڕووداوەکان لە هەمان بازنەدا دەخولێتەوە.

ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی مەزنی نەتەوەیی تورکیا (TBBM) (لەمە بەدواوە هەر بە پەرلەمانی تورکیا نێوی دەبەم) 550 ئەندامە و خشتەی دابەشبوونی ئەندامەکانی لەم ئان و ساتەدا لە نێو پەرلەمان بەم شێوەی خوارەوەیە :

| نێوی پارتە سیاسییەکان | ژمارەی ئەندامەکانیان |
|---|---|
| پارتی بزاڤی نەتەوەیی (MHP) | 125 |
| پارتی ڕێگەی ڕاست (DYP) | 84 |

www.kurdistannet.org
20/07/2003 13:23

| | |
|---|---|
| پارتی دایكی نیشتمان (ANAP) | 68 |
| پارتی توركیای نویَ (YTP) | 60 |
| پارتی داد و گەشەكردن (AKP) | 59 |
| پارتی چەپی دیموكرات (DSP) | 58 |
| پارتی بەختەوەریی (سەعادەت) (SP) | 46 |
| پارتی یەكیّتی مەزن (BBP) | 4 |
| پارتی كۆمەلاّیەتی دیموكراتی (TDP) | 3 |
| پارتی نویَ (YP) | 3 |
| پارتی كۆماری گەل (CHP) | 2 |
| پەرلەمەنتارانی سەربەخۆ | 24 |
| جیّگە چۆلەكان | 14 |
| كۆی ئەندامانی پەرلەمان | 550 |

ئەم خشتەیە رۆژانە گۆرانی بەسەردا دیَ چونكە پەرلەمەنتاری سەربەخۆ و سەر بە پارتە سیاسییەكان جیَ گۆركیَ دەكەن و دەست لە پارتیّك هەلّدەگرن و دەبنە ئەندامی پارتیّكی دی.

پەرلەمەنتەرە سەربەخۆكان و گەلیَ لەو پارتانەی نیّو پەرلەمان لە ئەنجامی دابەشبوون و لیّك ترازانی نیّو پارتە سەرەكییەكاندا هاتوونەتە كایەوە و لە كاتی هەلّبژاردنەكانی سالّی 1999 دا لە ئارادا نەبوون. ئەو كاتە و لە ئەنجامی هەلّبژاردنەكاندا تەنها پیّنج پارتی سیاسی توانی نویّنەرانی خۆی بگەیەنیّتە پەرلەمان كە ئەم پارتانە بوون : پارتی بزاڤی نەتەوەیی، پارتی چەپی دیموكرات، پارتی سعادەت، پارتی دایكی نیشتمان و پارتی ریّگەی راست. بۆ نموونە پارتی داد و گەشەكردن (پیّشخستن یا پیّشكەوتن) لە ئەنجامی پارچەبوونی پارتی بەختەوەریدا (سعادەت) هاتە كایەوە. ئەوانەی لە پارتی دیموكراتی چەپی دیموكراتی بولەند ئەجەوید (ئەجیڤیت) بە كۆمەلّ درەچوون پارتی توركیای نوییّان ساز كرد. پارتی یەكیّتی مەزنیش ئەو ئەندامانە پیّكیان هیّنا كە لە دژی دەولەت باخچەلی پارتی بزاڤی نەتەوەییان بە جیّهیلاّ. هەندیَ لەو ئەندامانەش كە لە ریزی پارتەكانی خۆیان دەرچوون بوون بە ئەندام لە پارتیّكی تردا. بۆ نموونە پارتی كۆماری گەل لە هەلّبژاردنەكانی 1999 دا نەیتوانی هیچ ئەندامیّكی بگەیەنیّتە پەرلەمان، بەلاّم بوونی دوو ئەندامی پەرلەمان بە ئەندامی ئەو پارتە ئیّستا دوو ئەندامی لە پەرلەماندا هەیە. بەهەمان شیّوە ئەو دوو پارتە بچوكەكەی تریش واتە پارتی كۆمەلایەتی دیموكراتی و پارتی نویَ لە ئەنجامی دەرچوونی هەندیَ ئەندام لە پارتەكانی خۆیاندا و سازكردنی پارتی نویَ یا بوون بە ئەندامی پارتیّك لە دەرەوەی پەرلەمان ئیّستا هەر یەكەی 3 ئەندامیان لە پەرلەمانی توركیادا هەیەو 24 ئەندامیش دوای ئەوەی ریزی پارتەكانی خۆیان بە جیّهیّلاّ وەكو ئەندامی سەربەخۆ لە پەرلەماندا ماونەتەوە (لەم چەند رۆژەی دواییدا ژمارەیان دابەزی بۆ 22 ئەندام) .

لەم بارەی ئیّستادا كە پارتەكان بەو شیّوە دراماتیكیە دابەشبوونە و 23 پارتی سیاسی لە هەلّبژاردنەكاندا بەشداری دەكەن و دەنگەكان پەرش و بلاّو دەبن و هەر پارتیّك كە بیەویَ نویّنەرانی خۆی بگەیەنیّتە پەرلەمان دەبیَ 10 ٪ دەنگەكان مسۆگەر بكات، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە كە نزیكەی بیست لەو پارتانە بەراژ (لەمپەری 10٪) دەرباز نەكەن و نەتوانن هیچ نویّنەریّكیان بگەیەننە پەرلەمان. بۆیەكا هەموو لایەك هەولّدەدا هاوپەیمانی لە گەلّ لایەنەكانی تردا ساز بكا. قانونی هەلّبژاردن لەتوركیا ریّگە نادا پارتە سیاسیەكان بەرە ساز بكەن و بەیەكەوە بەشداری لە هەلّبژاردندا بكەن، بەلاّم دەتوانن بەرئەندامانی خۆیان لە لیستی یەكیَ لە حیزبەكان تۆمار بكەن و هەموو لە ژیّر نیّوی ئەو حیزبەدا بەشدار بن لە هەلّبژاردندا.

هەروەها لە گۆر قانونی هەلّبژاردن لە توركیا دەبیَ هەر پارتیّك بۆ ئەوەی بەشداری لە هەلّبژاردندا بكات بە لای كەمەوە لە 41 ویلایەت لە ژمارەی گشتیی ویلایەتەكانی ولاّت كە 81 ولایەتە بەرئەندام و كاندیداتی بۆ پەرلەمان هەبیَ. زۆر لە پارتە بچوكەكان

ناتوانن ئەوەندە ئەندام و لایەنگر و کاندیدات دەستەبەر بکەن و لە ژێر ئەو بارە گرانە دەرناچن بۆیە ویلایەتەکان لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن و لە سەر ئەوە ڕێك دەکەون کە لایەنگرانیان دەنگ بدەن بە بەرئەندامانی بەکدی لە ولایەتە جیاوازەکاندا.

هەولەکانی هاوپەیمانێتی سازکردن تاوەکو ئەورۆ بەم شێوەی خوارەوە ڕاگەیاندراوە و ئەگەری گۆڕانکاری لە پێکهاتەی هاوپەیمانەکان و پارسەنگی هێزەکان تا دوا ساتەکانی پێش هەڵبژاردن هەر لە ئارادا دەمێنن.

ئەنجامی ڕاپرس و پێشبینیەکان ئەوە دەردەخەن کە پارتی داد و گەشەکردن بە سەرۆکایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان دەبێتە پارتی یەکەمی تورکیا و زیاتر لە 10 ٪ دەنگەکان وەردەگرێ و تەنانەت پێشبینی 20 ٪ کۆی هەموو دەنگەکانی بۆ دەکرێ. بۆیە بە پێویستی نازانێ ئێستا بۆ هاوپەیمان بگەرێ، هەرچەندە بۆ دوای هەڵبژاردن و بۆ دامەزراندنی حکومەت ناچار دەبێ لە گەڵ یەکێ یا زیاتر لە پارتەکانی سیاسیەکانی تری نێو پەرلەماندا هاوکاری و هاوپەیمانی ساز بکات. هەولی زۆر دەدرێ بەر لەم پێشکەوتنەی پارتەکەی ئەردۆغان بگیردرێ چونکە لە بنەڕەتدا پارتێکی ئیسلامی بووە هەرچەندە ئێستا بەوە قایل نابێ بە پارتی ئیسلامی ناوی ببرێ.

هەروەها لەم ڕۆژانەی دواییدا ئەستێرەی پارتی کۆماری گەلی دەنیز بایکاڵ لە گەش بووندایە بەتایبەتی دوای ئەوەی وەزیری پێشووی ئابوری تورکیا کەمال دەرویش بوو بە ئەندامی پارتەکەی و ئەم بەئەندام بوونەی دەرویش لە میدیاکانی تورکیادا خزمەتێکی زۆری بایکاڵ و پارتەکەی کرد و وا پێشبینی دەکرێ کە بێ بە دووەمین پارتی سیاسی لە دوای پارتی داد و گەشەکردن لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا و بە هەردوولاینەوە زۆرترین دەنگ وەدەست بهێنن. بەو شێوە ئەم دەبێ بە ڕابەری چەپ و ئەردۆغان بەرابەری ڕاست و بە بۆچوونی ئیلنور جەڤیك سەرنووسەری The Turkish Daily Newsئەم بارە لە قازانجی (دیموکراسی) تورکیایە. بایکاڵ داوای لە ئیسماعیل جەم و هاوڕێیانی کردووە کە لە لیستی پارتەکەی ئەمدا جێگە بگرن و لە 40 ویلایەتی ولاتدا هاریکاری یەك بن. هەروەها داوای لە پارتە چەپەکانی تر کردووە وەکو پارتی سۆسیال – دیموکراتی گەلی SHP بە سەرۆکایەتی موراد قەرەیالچین، کە لە گەڵ پارتی گەلی دیموکراسی HADEPدا لە دان و ساندا بوو بۆ سازکردنی هاوپەیمانی و وادیارە لە دەزگا نهێنیەکانی ولاتەوە هەرەشەی لێکرا بوو، بۆیە لە ئەنجامدا گەڵ ئەو بەرەیەی هادەپ سازی کرد و لە ژێر دەهەپدا و لە ژێر دروشمی (کەد و ئاشتی و دیموکراسی) دا بەشداری هەڵبژاردن دەبێ ڕێك نەکەوت. هێشتا هەولەکانی بایکاڵ بۆ کۆکردنەوەی هەندێ وردە پارتی تری چەپ بەردەوامن هەرچەندە زۆر پێتە و گرنگییان پێنادا چونکە لەوە پشت قایمە کە ئەم جارەیان بەختی دەیهێنێ و پارتەکەی دەگاتەوە پەرلەمان.

پارتی بزاڤی نەتەوەیی ناسیۆنالیستی توندرەو کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا لە ساڵی 1999 و لە کەش و هەوای باهۆزی نەتەوەپەرستیی توندرەودا لە تورکیادا بە هۆی گرتنی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە دەنگێکی زۆری بە دەست هێنا و بوو بە پارتی سیاسی یەکەمی ولات خۆی لە بارێکی سیاسی جیاوازدا دەبینێتەوە. کەش و هەوای ئێستا زۆر جیاوازە لەوەی ساڵی 1999 و باری داتەپیوی ئابوری تورکیا و قەیرانی سیاسی و بە دی نەهاتنی دروشم و سۆز و پەیمانەکانی باخچەلی و ئەجیڤیت لە لایەکەوە و هەڵگرتنی سزای لە سێدارەدان و لە سێدارەنەدانی عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە یەکێ لە داخوازییە سەرەکییەکانی پارتی بزاڤی نەتەوەیی باخچەلی بوو و، ڕێگەدان بە خوێندن و پەخش کردن بە زمانی کوردی هەرچەندە سنورداریش بێ و دەرکردنی کۆمەڵێ قانونی هاوئاهەنگ لە گەڵ یەکێتی ئەوروپادا، هەموو شکست بوون بۆ پارتەکەی باخچەلی. بۆیەکا لەم کاتەدا و بە ئامانجی کۆکردنەوەی ناسیۆنالیستە توندرەوەکان لە دەوری پارتەکەی، لە دژی ئەو قانوونانەی پەرلەمان دەریکردن، پەنای بردۆتە بەر دادگا. هەرچەندە زۆر خەڵکی لێ ڕەویوەتەوە بەلام بە هۆی بالادەستیی بیری نەتەوەیی توندرەوەوە لە سیستەمی پەروەدە و فێرکردن و بیر ی سیاسی و دەزگاکانی میدیا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەو ولاتە هێشتا لایەنگران و هاوبیرانی باخچەلی دەتوانن نوێنەرانی پارتەکەی بگەیەننە پەرلەمان.

لە گەڵ ئەوەی گومان لەوە دەکرێ کە پارتی بزاڤی نەتەوەیی باخچەلی بتوانێ بە ئاسانی ڕێژەی 10 ٪ دەنگەکان وەدەست بێنێ، بەلام وەکو نەتەوەپەرستێکی کەلەڕەق نایەوێ دان بە شکستی پارتەکەیدا بنێ. بۆیە وا نیشان دەدا کە پارتەکەی بە تەنیا دەتوانێ لەمپەری 10 ٪ دەرباز بکا و پێویستی بە هاوپەیمانی نیە و تەنانەت لاڤی ئەوەش لێدەدا کە هەر بە پارتی یەکەم دەمێنێتەوە.

پارتێکی دی کە ئەگەری گەیشتنی بە پەرلەمان بەرچاوە پارتی ڕێگەی ڕاستی تانسو چیلەرە کە ڕاپرسەکان پێشبینی 8، 8٪ دەنگەکانی بۆ دەکەن. بۆیە پێویستی زۆرە بە سازکردنی هاوپەیمانی لە گەڵ هەندێ پارتی بچوکدا. بۆ سازکردنی هاودەنگیی لە هەڵبژاردنەکاندا تانسو

www.kurdistannet.org
20/07/2003 13:23

چیلەر هەوڵی زۆری لە گەڵ پارتی روناکیی تورکیا بە سەرۆکایەتی توغروڵی کوڕی رابەری گورگە بۆرەکان ئەلپ ئەصلان تورکێش و پارتی یەکێتی مەزنی تورکیا بە سەرۆکایەتی موحسن یازیجی ئۆغڵودا دا بۆ ئەوەی لە سێبەری پارتی رێگەی راستدا بچنە هەڵبژاردنەوە. رۆژنامەکانی تورکیا ئەوە رادەگەیەنن کە چیللەر بەوە قایل بووە 4 کورسی پەرلەمان لە بەشەکەی خۆی بۆ پارتەکەی توغرول تەرخان بکات. بەلاّم یازیجی ئۆغلۆ داوای 20 کورسی کردووە لە کاتێکدا چیلەر ئامادە بووە تەنها 6 کورسی پەرلەمان بۆ پارتەکەی ئەو تەرخان بکا بۆیە نەگەیشتوون بە ئەنجام و دوا هەوڵەکانی چیلەر لە گەڵ پارتی تورکیای دیموکراتی دا بوو کە محەمەد عەلی بایار سەرۆکایەتی دەکا و بە پێی هەواڵی رۆژنامەکان هەردولا لە سەر ئەوە رێکەوتوون کە بە یەکەوە بچنە هەڵبژاردنەوە و بەم شێوەیە رەنگیێ چیلەر لەوە دڵنیا بێ کە 10 ٪ دەنگەکان وەدەست دێنێ.

بەرەیەکی تری گرنگی هەڵبژاردنەکانی تورکیا بەرەی پارتی دیموکراسی گەلە (HADEP) و هاوپەیمانەکانێتی کە لە ژێر دروشمی (کەد و ئاشتی و دیموکراسیدا) بەشداری لەم هەڵبژاردنانە دەکەن. لە بەر ئەوەی پارتی دیموکراسی گەل هەرەشەی داخستنی لێدەکرێ بۆیە هەر زوو پارتێکی نوێی یەدەکی لە پاڵ خۆیدا بە نێوی پارتی گەلی دیموکراسی DEHAP ساز کردو خۆی و هاوپەیمانەکانی لە ژێر نێوی ئەم پارتە نوێیەدا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. ئەو پارتانەی تاوەکو ئێستا لە گەڵ پارتی دیموکراسی گەلدا رێکەوتوون بریتین لە پارتی کەد (زەحمەتکێش) و پارتی ئازادی وهاوکاری و پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی ئاکین بیردالْ سەرۆکی پێشوی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ کە لە بەر هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی کەوتە بەر هێرشی گورگە بۆرەکان و هەوڵی کوشتنی درا و بەسەختی لەو هەوڵەدا بریندار کرا. تاوەکو ئێستا گەلێ سەندیکای کرێکاران و فەرمانبەران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتگیری خۆیان بۆ ئەم بەرەیە راگەیاندووە. ئاکین بیردالْ رایگەیاندووە کە ئەوان چاوەڕێی وەدەستهێنانی 15 ٪ دەنگەکان دەکەن. هەڵبەتە هەوڵی زۆر دەدرێ کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم ئەم بەرەیەدا دروست بکرێ. دەربازکردنی 10 ٪ دەنگەکان بۆ ئەم بەرەیە سەرکەوتنێکی گەورە دەبێ بۆ هادێپ و رنگیێ ببێتە هۆی دەتوانێ هەندێ گۆڕانکاری بەرچاو لە سیستەمی سیاسی تورکیادا.

پارتی چەپی دیموکراتی ئەجیڤیت و پارتی تورکیای نوێی ئیسماعیل جەم و پارتی بەختەوەری ئیسلامی فەیسەڵ جاندان و پارتی دایکی نیشتمانی مەسعود یلْماز ئەگەری سەرکەوتنیان لە دەستداوە و لەوە ناچێ هیچ پارتێکی سەرەکی بیەوێ چارەنووسی سیاسی خۆی پێیانەوە گرێ بدات. تەنها پارتی تورکیای نوێی ئیسماعیل جەم نەبێ کە ئەگەری رێکەوتنی لە گەڵ پارتی کۆماری گەلی دەنیز بایکاڵدا هەر لە ئارادایە. جێگەی سەرسورمان بوو کە ئەم پارتانە هیچیان هەوڵی جیدیان بۆ هاوپەیمانی سازکردن نەدا وا دیارە بەوە پشت قایمن کە دەتوانن قەیرانێکی سیاسی بێننە کایەوە و کاربەدەستان ناچار بکەن بۆ کاتێکی گونجاو و لە بارتر بۆ ئەم دوا بخەن هەڵبژاردنەکان پارتانە.

لە پەراوێزی ئەم پارتانەدا چەندین پارتی سیاسی تر لە تورکیادا لە ئارادان کە رۆڵێکی ئەوتۆیان لە ژیانی سیاسی ولاّتدا نیە وەکو پارتی دیموکراتی کۆماری بە سەرۆکایەتی گیونگیور ئیۆزدەن، پارتی گەنج بە سەرۆکایەتی جەم ئوزان، پارتی کۆمۆنیستی تورکیا بە رابەریی ئایدەمیر گیولەر و پارتی کرێکار بە سەرۆکایەتی دۆغو پیرینچەك و پارتی لیبیراڵی دیموکراسی بە رابەریی بەسیم تیبوك و پارتی دیموکراتی تورکیا بە سەرۆکایەتی سەما پیشکین سیوت و گەلی پارت و گروپی بچوکتر.

تابلۆی دابەشبوونی کورسییەکانی پەرلەمان و هاوسەنگیی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی تورکیادا لە دوای هەڵبژاردن چۆن دەبن ؟ بۆ وەلاّمدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ نزیکەی مانگ و نیوێکی تر چاوەڕوان بین، ئەمە ئەگەر هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیاندا لە 3 نۆڤەمبەردا ئەنجام دران. خۆ ئەگەر دواخران ئەوا دەبێ چاوەڕوانی ئاڵ و گۆڕی زۆرتر بین لە هاوسەنگیی نێوان هێزەکان و لەنێوچوون و سەرنانەوەی هەندێ پارت و ونبونیان لە سەر شانۆی سیاسی تورکیا و پەیدابوونی پارت و هێزی سیاسی دی.

* لە نووسینی ئەم وتارە بووبوومەوە کاتێ مەسعود یلْماز رایگەیاند کە ئیدی جێگەی ئەو و پارتەکەی لەم حکومەتەی ئێستادا نابێتەوە و داوای لە باخچەلی کرد دەست لە کار بکێشێتەوە، چونکە لە لایەکەوە تورکیا دەیەوێ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و لە لایەکی ترەوە پارتی سەرەکی لە حکومەتی هاوپەیماندا لە دژی بڕیارەکانی هاوئاهەنگی لە گەڵ یەکێتی ئەورووپادا دۆز لە دژی ئەو بریارانە لە داداگا دەکاتەوە و دیەوێ ئەو بریارانەی پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە. ئەمەش دەبێتە سەرەتای قەیرانێکی سیاسی کە ئەگەری دواخستنی هەڵبژاردنەکان بە هێز دەکا.

www.kurdistannet.org
20/07/2003 13:23

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچوونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت